# مەڵی هیوای من      ئەحمەد دەشتی



دەمێکە دەگـــریم
دڵ پەرێشانم
پڕ ژان و برین
ئاو لە چاوانم
مەلی هیوای من
پەروازی نەکرد
هەرچەند ڕوانیم
قەت ئۆخەم نەکرد
لە مێژە ژیانم
زێدی ئازارە
جەستەی دڵی من
بە بێ بەهارە
دەمێکە بیرم
هەروا لە مەرگە
ئەگەر ئەو بێتن
ئاسودی جەرگە
چونکە دەروازەی
خەم و ئازاران
بۆمن والایە و
دوورم لە یاران
دەمێکە ئەمن
لێلە ژیانم
دوور لە واری خۆم
جەستە بریانم
نەمدیوە ساتێ
کە ئاسودە بم

له هەواری ژین
بەبێ گریەبم
کەسێ نابینم
دڵ بداتەوە
تەنیا بۆ جارێ
خەم بباتەوە
هەست و دەروونی
پڕ لە ژانی من
کێڵگەی برینە
سەیری ژیانی من
خوایە کوێربکەی
دوژمنی نامەرد
کەوا بۆی هێنام
سەدان هەزار دەرد
بە یادی ڕۆژانی دەربەدەری و دووری کوردستان